ZAGROS WEBSITE www.zagros.org www.zagros.ws پێگەی زاگرۆس

# لەخۆڕا نەموتووە با دەست لە سەرۆكایەتیی هەرێم هەڵبگرێ

فازڵ قەرەداغی

دوو هەفتە بەسەر ئەو بابەتەی رۆژنامەی هاوڵاتیدا تێپەڕیو مەسعوود بارزانی داواكارییەكەی سەلماندم! لەو ژمارەیەی هاوڵاتیدا (٢٣٤لە ٢٠٠٥/٧/٢٧، ل١٥) نووسیبووم: (با مەسعوود بارزانی دەست لە سەرۆكایەتیی هەرێم هەڵبگرێت)، بابەتەكەش دەستخۆشییەكی زۆری لێكرا لەسەر ئەو گوناهەی كردی، جوێنیی زۆریشی پێدرا لەلایەن ئەوانەی هێشتا باوەڕیان بە قودسیەتی سەركردە هەیە.

منی نووسەر بەختەوەرم بەڵام میللەتەكەم بەدبەختە چونكە مەسعوود بارزانی پاش دوو هەفتە سەلماندی كە ئەو داواكارییەم لەجێگەی خۆیدا بوو، ئەوە بوو لەبەرچاوی هەموو جیهان بە توندی تەئكیدی لەسەر ئەوە كرد كە گوایە كورد ناسنامەی ئیسلامییان بۆ عیراق ناوێ: ((نەخێر بۆ ناسنامەی ئیسلامیی عیراق))! ئا ئەمە بوو ئەو رستەیەی رەنگە چارەنووسی میللەتێك بگۆڕێ.

لەو باسەی پێشوودا وتبووم مەسعوود بارزانی بە شایستە نازانم بۆ سەرۆكایەتیی هەرێم، هۆكارەكانیشم وت، ئێستاش بزانین سەرۆك چۆن لە مەسەلەیەكی وەك ناسنامەی ئیسلامی ئەمە دەسەلمێنێ.

كەس هەیە نەزانێ كورد چەند دوژمنی هەیە؟ كێ لەناوچەكەدا دۆستی كوردە؟ دۆستێك لەهەموو جیهاندا كورد شك بەرێ، دۆستێكی بەتواناش بێ، تەنها خواو ئەمەریكایە. ئەوەتا سەرۆك خوای خستە ئەو لاوەو رازی نەبووە دینەكەی ببێتە ناسانامە بۆ عیراق، تەنهاش ئەمەریكا دەمێنێتەوە، بەڵام ئەمەریكا كەوتۆتە ناو زۆنگاوەوەو لەناو خودی ئەمەریكادا دەنگ پەیدا بووە داوای كشانەوە لە عیراق دەكات، ئەگەر جۆرج بوشی سەرۆكی ئەمەریكاش ئێستا نەیەوێ مل بۆ ئەو داوایە بدات سبەی هەر ناچار دەبێ. بوش ئێستا دەڵێ كاتێك لە عیراق دەكشێتەوە كە عیراقییەكان بتوانن ئاسایشی وڵاتەكەیان بپارێزن، سبەیش كە ویستی بڕوات هەر دەڕوات ئەگەر بشزانێ سەد ساڵ ماوە تا عیراقییەكان بتوانن ئەمە بكەن.

كوردستان وەكو دورگەیەكە بە شەپۆلی شێتو ماسیی قەرش دەورەدراوە، هەر ئەوەندەش شەپۆل دورگەكەی داپۆشی خۆمان دەبینینەوە. دەسەڵاتی كورد تا ئێستا كوردی خەڵەتاندووە، تا ئێستا هیوایەكی درۆیینەی بە كورد داوە، كورد بە هێمنی لە وڵاتەكەیدا دەژیو نازانێ چ ئاشێك عیراقو خەڵكەكەی دەهاڕێ. ئەوەی كورد دەیبینێ تەنها چەند هەواڵێكی كەمەو ئەگەر هەواڵەكان لەكەناڵێكی كوردییەوە وەربگرێ خەڵەتان مسۆگەرە بە پاڵەوانێتیی سوپای شەقوشڕی عیراقو ئەو پۆلیسانەی كە وەكو ریشۆڵە راو دەكرێن.

وەزعی عیراق ئەوە نییە پێی بوترێ وەزعێكی ناسكە، ئەمە بوركانەو تەقیوەتەوە، سەركردەی داناش ئەو كەسەیە بزانێ چۆن لەدوای پاشەكشەی ئەمەریكا كارێك بكات ئەو بوركانە روونەكاتە كوردستان. كوردستان كشوفشكردنو هەڵوێستی دۆن كیشۆتانەی لە من ناوێ، كوردستان لە هەموو كاتێك زیاتر پێویستی بەوەیە دوژمنەكانی كەم بكەمەوە.

بەڵام بە حەزی منو تۆ نییە، ئەمڕۆ سەركردەیەكمان هەیە بڕیاری گەورەو بچووكمان بۆ دەدات، ئەوەتا لەسەر ئەم كونە بوركانەداو ماوەیەكی كەم پاش ئەوەی مەسعوود بارزانی بووە سەرۆكی هەرێم جیهانی عەرەبیو ئیسلامیی لێمان بووە دوژمن، هەموو بەرەكەتی سەرۆكایەتیی هەرێم ئەوە بوو بەڕووی هەموو جیهاندا وترا: ((كورد ناسنامەی ئیسلامیی ناوێ!))، دیوە ئاوەژووەكەی ئەم قسەیەش هەزار مارو دووپشكو ئەژدیهای تێدایە: كورد موسڵمان نییە،

سەددام راستی کرد بەناوی ئەنفالەوە قڕی تێخستین، بەعس راستی دەکرد کە وای بڵاودەکردەوە گوایە کورد موسڵمان نین، کەسمان ناوێ دیفاعمان لێبکات، کەس بیر لەوە نەکاتەوە ببێتە دۆستمان..

بارزانی ئەم هەڵوێستە ستراتیجییەی راگەیاند بێ ئەوەی بۆ یەك هاووڵاتیی کورد بگەڕێتەوە، راستە ئەوان هەموو شتێکیان بێ پرس کردووە بەڵام ئەمە شتێکی تایبەتی بارزانی نییە بەناوی ئێمەوە قسەی لێبکات، خۆیو حزبەکەی ناسنامەی ئیسلامییان ناوێ ئارەزوویانە بەڵام ئەمە شتێکە پەیوەندیی بە هەموو کوردەوە هەیە، ئەمە راپرسییەکی پێویست بوو، راپرسییەك روونوئاشکرا پرسیارەکە بخاتە روو: ناسنامەی ئیسلامیت دەوێ یان نا؟

منی موسڵمان ناسنامەی ئیسلامی هێندە لام گرنگە کە ئەوەی دوژمنایەتیی بکات لام تاوانبارە، لای کەسێکی تریش ئەو ناسنامەیە گرنگ نییە، بەڵام دەبێ ئەو کەسە ئەو راستییە بزانێ کە هەڵوێستەکەی بارزانی، جگە لە لایەنە ئاینییەکەی، کوردی لاواز دەخاتە ناو جەنگێکی ناپێویستو بێمانا.

منی هاووڵاتیی بێدەسەڵات ئەو بڕە حیکمەتە کەمەم هەیە کە واقع وەکو خۆی ببینمو شووڵی لێهەڵنەکێشم، بۆ نموونە منی موسڵمان کە لە خراپە زیاترم لەئەمەریکا نەبینیوە حەز بە شکانی دەکەم، کەسێکی تریش ئەمەریکا بە هێزی رزگاری دەزانێ، بەڵام دەبێ من ئەو راستییە بزانم کە ئەو رۆژەی ئەمەریکا پشت دەکاتە کورد داخ لەدڵان فەرقی منی ئیسلامیو بارزانی کە حەزی لە ناسنامەی ئیسلامی نییە ناکەنو بورکانەکە بەڕووی هەردووکماندا دەتەقێتەوە. راستە ئەمەریکام ناوێ بەڵام دەزانم کە ناچارم قبووڵی بکەم، وەك وتم ئەمە ئەو بڕە کەمەی حیکمەتەیە کە منی هاووڵاتیی بێدەسەڵات هەمە کەچی دەبینم سەرۆکی هەرێم کە پێویستە حیکمەتی هەموو پیاوماقووڵانی لەخۆ کۆکردبێتەوە شمشێرەکەی بەڕووی هەموو عەرەبو موسڵمانان هەڵکێشاوە.

گومان لەوەدا نییە کەسانێکی زۆر وا بیر دەکەنەوە: ((ئەمەریکا هەرگیز پشت ناکاتە کورد))، بەڵام کەس لەمانە نازانێ گەرەنتی چییە. ساڵی حەفتاوچواریان دەخەینەوە یاد کە هەموو پشتوپەنای کورد ئێرانو ئەمەریکا بوو کەچی ئاشبەتاڵێك کرا ئەوەندەی بزانم لەمێژوودا تاکە چونکە شۆڕشێکی گەورە لە شەوو رۆژێکدا هەرەسی هێنا، ئەمەریکاش هیچی بۆ کورد نەکرد، من سیانزە ساڵان بووم ئەوەم بینیو تا ئێستا لەیادم نەچووە بۆیە گاڵتە بەوانە دەکەم کە دەڵێن ((ئەمەریکا هەرگیز پشت ناکاتە کورد))، بەڵام کە مرۆڤ لەسەر هیوای درۆیینە ژیا پێویستی بە کەس نییە بیخەڵەتێنێ، ئەو کەسە دەڵێ ((ئەمجارەیان جیاوازە))، بەڵام نازانین بۆچی جیاوازە! دەڵێ ((کورد هاوپەیمانی ئەمەریکایە)) بەڵام خۆی نازانێ هاوپەیمان چییە، نازانێ هاوپەیمان ئەو لایەنەیە کە فاکتەرێکی هێزی هەیە بەرامبەر لایەنەکەی تر، ئەو فاکتەری کورد نیەتی. بەکورتی هیچ گەرەنتییەك بۆ کورد نییەو سیاسەتی ئەو سەرکردایەتییەی بەسەرماندا سەپاوە تەنها موغامەرەیەو زارهەڵدانێکە بەئاواتی هێنانی دووشەش!

قومارکردنی سەرکردایەتیی کورد لەو جۆرەیە کە نەك ماڵ بەڵکو سەریشی تێدا دەچێ، سبەیش کە کارەسات روویدا هیچ کەڵکی نییە بیخەینەوە یادی ئەم وئەوو بڵێین:((نەمانوت وای لێ دێ))، لەسەر کەلاوەدا سەرزەنشت کردن ئیشی بێدەسەڵاتانە، کەڵکیشی نییە، ئەوەی لەسەر خوانە ئیشی ئەمڕۆمانە.

با شتەکان وردبکەینەوە ئەگەر هێشتا خەیاڵ بەرینەداوین: یەك دەوڵەتو لایەنمان پێ بڵێن لەناوچەکەدا دۆستی کرد بێ. تورکیا دۆستە؟ ئێران دۆستە؟ سووریا؟ ئوردون؟ کوەیت؟ سعوودیە؟ عەرەبی سوننە؟ عەرەبی شیعە؟ تورکمان؟.. میللەتێکتان بینیوە هیندە دوژمنی هەبێ؟! بەڵێ هەیە، ئەویش کوردەو تەنها کورد، سوپاسیش بۆ حیکمەتی

ZAGROS WEBSITE www.zagros.org www.zagros.ws پێگەی زاگرۆس

سەرکردایەتیی کورد. ئەوەتاش بەوە ناوەستین‌و سەرۆکی هەرێممان بە یەك جار باقی جیهانی عەرەبی‌و ئیسلامیی لێکردینە دوژمن! ئەو کەسەش کە قسەیەکی خێری بۆ کورد دەکرد بارزانی دای بەدەمیاو بێدەنگی کرد، ئەوەشی دوژمنە پاساوێکی دایە خەڵك لە کورد تیژ بکات‌و نەك تەنها سەرکردایەتیی کورد تەکفیر بکات بەڵکو هەموو کورد کە لەو دوژمنایەتیکردنەی ناسنامەی ئیسلامی بێدەنگن. میللەتان ئەگەر عەقڵیان هەبێ حەسوودیمان پێ دەبەن کە ئێمە هێندە بەهێزین منەتمان بە کەس نییە، نە بە دەرودراوسێ و نە بەهەموو جیهانی ئیسلامی و بە خواش!

بەڵام ئەمە تەنها گاڵتەجاڕییەو حەقیقەتی سەر ئەرزی واقع ئەوەیە تەنانەت ئەمەریکا کە بەهێزترین دەوڵەتەو کۆکردنەوەی دوژمن لەخۆی پیشەیەتی بەو ئەندازەیەی بارزانی حەزی لە دوژمن کۆکردنەوە نییە، ئەوەتا ئامادەیە تەنانەت بەرامبەر ڕێکخراوە ئیسلامییەکان کە نە خاوەنی دەوڵەتن‌و نە خاوەنی چەکی مەترسیدارن نەرمتر بنوێنێ‌و جیا بکاتەوە نێوان ڕێکخراوی ((توندڕەو))و ((میانڕەو))، تەنانەت لەم ڕۆژانەدا بە چەمکی ((جەنگ دژی ئیرهاب))دا چۆتەوە چونکە دەزانێ کە لەو جیهانە ئیسلامییە پانوبەرین‌و قەرەباڵغەدا بەو جۆرەیە دەیەوێ بۆی ناچێتە سەر، بەڵام مەسعوود بارزانی کە بە شێوەیەکی فیعلی تەنها دوو پارێزگای بەدەستەوەیە(ئەویش بە ناڕەحەتییەکی زۆر وەك هەر ئاگادارێك دەزانێ‌و وەك هەڵبژاردن سەلماندی) لە خۆی رادەبینێ بە گژ ئەو جیهانەدا بچێ.

هەموو کەس ئارەزووی خۆیەتی بە گژ کێدا بچێ، بەڵام دەبێ ڕێگە لەو کەسە بگیرێ داوای پۆستێکی سیاسی بکات تەنانەت ئەگەر پۆستەکە لاوەکیش بێ. ئەگەر بارزانی دڵنیاییە شەڕەکەمان براوەیە با دڵنیامان بکات، ئەگەر ناش با کەسێك دەستی بگیرێتەوە، بەڵام تا ئەمە دەکرێ ئێمە ئەو ڕاستییەمان بۆ دەرکەوتووە کە پارتی لە شەڕی ناوخۆدا نەیتوانی نەیارەکەی رابماڵێ *(٣١ی ئابی لێ دەرچێ کە دەزانین لەژێر ئەو ئالایە کرا کە ئێستا بارزانی دەڵێ تاوانی لەژێردا کراوە.. سوبحانەڵلا! بەهەر حاڵ ئەوەشی بۆ نەچووەسەرو ئێران یەکێتیی هێنایەوە)* چ جای ئەوەی شەڕێکی گەردوونی دژی ڕەش‌و سپی بباتەوە.

پاش ئەو قسانەش ئێستا زیاتر لەجارن داوا دەکەم بارزانی دەست لە سەرۆکایەتیی هەرێم هەڵبگرێ، یەکەم لەبەر ئەوەی خۆم بە موسڵمان دەزانم‌و ڕەتکردنەوەی ناسنامەی ئیسلامی بە ئیهانەی ئیسلام دەزانم، دووەمیش لەبەر ئەوەی سەرۆکیکم ناوێ شەڕێکی وا بۆ کورد هەڵگیرسێنێ. وتەیەکی ناودارو وتادارێشە کە ((جەنگی لەوە گرنگترە بەدەستی جەنەڕاڵەکان بێ بەتەنیا))، ئەم وتەیەش وا لێدەکەم ((جەنگی گەردوونی لەوە گرنگترە بەدەستی تاکە کەسێك بێ))، لەمەشەوە دەچمە ڕەخنەیەکی مەعقوول کە لە بابەتەکەی پێشووم لە هاوڵاتی گیرابوو ئەویش: ((ئەگەر بارزانی سەرۆك نەبێ ئەی کێ؟))، وەڵامەکەشم ئاڕاستەیەکی تر وەردەگرێ: بۆچی فێر بووین کە هەر دەبێ چارەنووسمان بدەینە((سەرکردەیەك))؟ بۆ هەر چاومان لە پێشەوای تاکە؟ میللەتان بۆ چارەسەری کێشەیەکی وا سەرکردایەتییەکی جەماعی پێکدەهێنن، ئەگەر گاڵتەش بەو جۆرە سەرکردایەتییە جەماعییە بکەین‌و هەر حەز بە شوانی تاك بکەین با ئەو شوانە کەسێکی بێلایەن بێ، کەسێك ترسی ئەوەی نەبێ شتەکان بەلای حزبەکەیدا داشکێنێ، میلیشیاو چەکداری نەبێ، واتە هێندە بەهێز نەبێ تێڕوانینی تاکرەوانەی خۆی بەسەر لایەنەکاندا بسەپێنێ ئینجا یان بیباتەوە یان بیقەومێنێ.